# قەوزەی سەوزی مەیلەو شین لە ئاوەڕێیەکانی ڤیکتۆریدا: پاراستنی تەندروستیت

## قەوزەی سەوزی مەیلەو شین چییە؟

قەوزەی سەوزی مەیلەو شین(سیانۆ باکتریا) بوونەوەری زیندووی باکتریاییە کە دەکرێ بە شێوەی تاکە خانەیی یان بە شێوەی کۆلۆنی وەدیار کەوێت و تاڕادەیەک لە هەموو ئیکۆسیستەمەکانی ئاو لەوانە، چەم، ڕووبار، گۆم و زەلکاوەکاندا هەیە. لەژێر بارودۆخی ژینگەی تایبەتدا، ژمارەی خانەکانی قەوزە زۆر خێرا زیاد دەکات و خونچەی قەوزە (یان کەف) زۆر بەئاسانی لە سەرتاسەری ئاودا دەبیندرێت. سنووری ڕەنگی خونچەکان لە سەوزی تۆخەوەیە هەتاکوو قاوەیی مەیلەو زەرد. ئەم خونچانە دیاردەیەک نین و چەندین سەدەیە کە دروستبوونی ئەوان لە سەرتاسەری دونیادا ناسراوە. هەندێک لە قەوزە سەوزەکان ژەهرێک بەرهەم دێنن کە دەکرێ بۆ مرۆڤ و ئاژەڵ مەترسیدار بێت.

## چۆن دەکرێ بکەومە بەرەمی ژەهری قەوزەی سەوزی مەیلەو شینەوە؟

لەوانەیە لە ڕێگەکانی خوارەوە بکەوییە بەردەمی ژەهری قەوزەی سەوزی مەیلەو شینەوە:

- پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ بەشی ڕووتی لەش، لەوانە ناوچەی هەستیار وەک گوێ، چاو، دەم، لووت و قوڕگ
- قووتدانی بەڕێکەوتی ئاوی پیس
- هەڵمژینی دڵۆپە وردەکانی ئاو و پارتیکڵە هەڵپەسێراوەکانی ناو هەوا و
- خواردنی خۆراکی دەریایی پیس

خۆ بپارێزە لە کەوتنە بەردەمی ئاوێک کە بە قەوزە پیس بووە، بەتایبەت لەو ناوچانەدا کە کەف تێیدا دیارە یان ڕەنگی ئاوەکە گۆڕدراوە. کەفی سەر قەوزە زۆرترین مەترسی دروست دەکات بۆ بەکاربەرانی ڕابواردن. ئەم کەڵەکەبوونە چڕە قەوزەی سەوزی مەیلەو شینە کە دەیهەوێ لە کەناردەریادا بنەنشین بێت، شوێنێک کە بەکاربەرانی ڕابواردنی ئاو، منداڵان و سەگەکان لەوانەیە بە هاتنی ئاو بەکەونە بەردەمی پەیوەندی لەگەڵ ئەودا.

گوێڕایەڵی ڕێنماییە جێبەجێکراوەکان بە لە پەیوەندی لەگەڵ تابلۆکانی ئاگادارکردنەوە لەسەر ناوچە ئالوودەکان و هەتاکوو ئەو کاتە کاربەدەستان ڕایاننەگەیاندووە کە ئیتر مەترسییەک نییە خۆ بپارێزە لە پەیوەندی لەگەڵ ئاودای پیسدا. گەر گومانت هەیە لەوانەیە ئاوەڕێیەکانی گەڕەکەکەت ئالوودە بووە بە قەوزەی سەوز، تکایە بۆ وەرگرتنی ڕاوێژکاری زیاتر پەیوەندی بکە بەڕێوەبەری ئاوەڕێ یان سەردانی ماڵپەڕی ڕووداو و هەڕەشەکانی فریاگوزاری Vic بکە بە ناونیشانی http://emergency.vic.gov.au/respond/.

کەسانێک کە بەپەرۆشن لەسەر هەرچەشنە ئاڵۆزی تەندروستی لە پەیوەندی لەگەڵ ئاودا، دەبێ لەگەڵ پزیشکەکەی خۆیاندا ڕاوێژ بکەن.

## کاریگەری قەوزەی سەوزی مەیلەو شین لەسەر تەندروستی چییە؟

چاودێری ڕێکوپێکی ئاوڕێیەکان، هەر چەشنە خونچەیەکی قەوزە دەستنیشان دەکات و گەر ڕێژەی ئەوان زۆر بێت ئاگادارکردنەوەیەکی گشتی دەردەکرێت. ئاوێک کە بە ڕێژەیەکی زۆر ئالوودە بووە بە قەوزەی سوز لەوانەیە ئاکامی نەگونجاوی هەبێت لەسەر تەندروستی مرۆڤەکان و ئاژەڵەکان.

هەندێک جۆری قەوزەی سەوزی مەیلەو شین ژەهرێک بەرهەم دێنن کە گەر قووت بدرێت، هەڵمژرێت یان بکەوێتە بەردەمی ڕاستەوخۆی لەش بۆ مرۆڤەکان و ئاژەڵەکان زیانی هەیە. پەیوەندی لەگەڵ پێستدا لەوانەیە ببێتەهۆی ئازاری پێست و چاو، کێشەی هەناسەدانی لاواز و نیشانەی وەک پووشەتا. خواردنەوەی ئاوی ئالوودە بە مادەی ژەهراوی لەوانەیە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی نیشانەکانی هەرەسکردن لەوانە ڕشانەوە، سکچوون، تا و ژانەسەر. مادەی ژەهراوی بەرهەمهاتوو لە لەیان قەوزەی سەوزی مەیلەو شینیش لەوانەیە کاریگەری دابنێت لەسەر جەرگ و سیستەمی دەمار. گەر بەپەرۆشیت لەسەر بارودۆخی تەندروستی خۆت، لەگەڵ پزیشکەکەتدا قسە بکە.

لەوانەیە ئاژەڵی ناوماڵ و ئاژەڵەکانی تریش پاش لەبەردەمدابووندا، نەخۆش کەون. گەر پێت وایە ئاژەڵەکانت نەخۆشن، لەگەڵ پزیشکی ئاژەڵاندا قسان بکە.

## ئاخۆ لە هەمبەر قەوزەی سەوزی مەیلەو شیندا منداڵان زیاتر لە گەورەساڵان لەبەردەمی مەترسیدان؟

منداڵان بە هۆی کێشی کەمیان، کارتێکراوترن بۆ تووشبوون بە کاریگەری ژەهر. منداڵان لە بەراورد لەگەڵ گەورەساڵاندا پێستیان هەستیارترە و ئەگەری زۆرتر هەیە کە تووشی لیری پێست بین. هەروەها ئەگەری زۆرتر هەیە منداڵان بەشداری ئەو چالاکیانە بکەن کە قووتدان یان هەڵمژینیان تێدایە. کاتی مەلە منداڵان دەبێ هەمووکات لە هەر جۆرە ئاوێکدا چاودێریان بکرێت.

VICTORIA State Government | Health and Human Services

## گەر بکەومە بەردەمی ئاوی پیس دەبێ چی بکەم؟

لە کاتی کەوتنە بەردەمدا، هەر جۆرە جلوبەرگی ئالوودە لە لەش دەربێنە و دەستبەجێ پاش هاتن بۆ کەنار دەریا دەستت جوان بە ئاوی خاوێن بشۆرە. بە مەستی خاوێنکردنەوەی هەر چەشنە نیشانەیەکی بەجێماوی قەوزە لەسەر جلوبەرگی تەڕ، دەبێ بەر لە بەکارهێنانەوەی دوبارە، دەبێ لەژێر ئاودا جوان بیشۆریت.

## دەتوانم مەلە بکەم یان وەرزشی تری ناو ئاو بکەم؟

مەلەکردن و هەرچەشنە وەرزش یان چالاکی ناو ئاو لەوانە، خلیسکێنە، تیوبی بایی سەر ئاو و "بەلەمی بایی" کە دەبێتە هۆی پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئاوی پیسدا، ڕاناسپێردرێت.

## ئاخۆ سەگەکەم دەتوانێت لە ئاوی ئالوودە بە قەوزەی سەوزی مەیلەو شینیدا مەلە بکات؟

سەگەکانیش لەوانەیە لە پەیوەندی لەگەڵ جۆرەکانی قەوزەی سەوزدا ژەهراوی بن یان بمرن. مەهێڵە سەگەکەت لە شوێنی ئالوودە بە قەوزەی سەوزی مەلەو شیندا مەلە بکات یان ئاوی ئەو شوێنە بخواتەوە. گەر کەوتە بەردەمی ئاوی ئالوودە، بە ئاوی خاوێن جوان بشۆرە و فێنکی کەوە بۆئەوەی بەرگری بکەیت سەگ خۆی پاشماوەی قەوزە خاوێن کاتەوە و قووتی بدات. گەر بەپەرۆشیت، قسە بکە لە پزیشکی ئاژەڵاندا.

## دەتوانم ماسی ڕاوکراو لە ئاوی ئالوودە بە قەوزەی سەوزی مەیلەو شین بخۆم؟

پێویستە خۆ بپارێزیت لە هەرجۆرە گوێ ماسی، yabbies (قرژاڵی دەریایی)، یان قرژاڵی ڕاوکراو لە ناوچەکانی ئالوودە بە قەوزە. پێویستە هەرجۆرە ماسی ڕاوکراو بە ئاوی خاوێن بشۆردرێت، هەناسەکێش ، هەناو و هەموو ئەندامەکانی ناوخۆیی فڕێ بدرێت و خۆ بپارێزیت لە خواردنیان. پێویستە ئاگادار بیت کە ئاژەڵەکان هەناوی ئەو ماسیانە نەخۆن و ڕێگە نەدیت بیانخۆن.

کاتێک کە خونچە قەوزەییەکان لەناودەچن و وردەوردە شی دەبنەوە و لەناودەچن، دەتوانن ئۆکسیجینی ناو ئاو بەکاربێنن. توانایی خنکانی ماسی بە کەمبوونەوەی لەڕادەبەدەری ڕێژەی ئۆکسیجینی ناو ئاو بوونی هەیە. نابێ ماسی مردوو، ماسێک کە خەریکە دەمرێت یان ئەو ماسیانەی کە لارەولار مەلە دەکەن بەدەستەوە بگریت یان بیخۆیت. دەتوانیت ڕووداوی مردنی ماسێک ڕاپۆرت بکەیتە Environment Protection Authority بە ناونیشان و ژمارە تەلەفۆنی 1300 EPA VIC (1300 372 842)

## ئاخۆ سەرچاوی ئاوی خواردنەوەی کۆمەڵگای من بێ مەترسییە؟

دابینکەرانی ئاو بەمەبەستی کۆنترۆلی مەترسی بەهۆی ژەهری قەوزەی سەوزی مەیلەو شین بۆ سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی شاری، سیستەمی پاڵاوتنیان دەستەبەر کردووە. ئەگەر هەرجۆرە دڵەڕاوکێیەکت هەیە لە پەیوەندی لەگەڵ کوالیتی سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی سەرەکی خۆت، پەیوەندی بکە بە بەرپرسانی ئاوی ناوچەیی.

## لە بەنداو یان چەمی ئالوودە بە قەوزەی سەوزی مەیلە و شین، ئاوی نەپاڵاوتوو وەرگرم یان کۆبکەمەوە، پێویستە چی بکەم؟

تاکوو ئەو کاتەی کە ڕێژەی خونچەی قەوزەیی دانەبەزێت خۆ بپارێزە لە بەکارهێنانی ئاو.

چ خونچەی قەوزەیی لەسەر ئاستی ئاو ببینیت و چ نەیبینیت، خۆ لە بەکارهێنانی ئاوی نەپاڵاوتوو بپارێزە. جگە لە مەترسی تەندروستی ئیحتیمالی بەدیهاتوو لە خونچە قەوزەییەکان، بەکارهێنانی ئاوی نەپاڵاوتوو دەتوانێت ببێتە هۆی بەدیهاتنی نەخۆشی تر. بۆ مەبەستی بەکارهێنانی ناوماڵ وەک ئامادەکردنی مەوادی خۆراکی، حەمامکردن، دوشگرتن و سیواکلێدان(فڵچە لێدانی ددان) ئاوی نەپاڵاوتوو بەکار مەهێنە. **کوڵاندنی ئاوی ئالوودە بە قەوزە، کاریگەری نییە لەسەر لەناوبردنی مەترسی پیسبووندا.**

بۆ مەڕومالآت یان ئاودێری ئاوی ئالوودە بەکار مەهێنە. بۆ بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر سەردانی ماڵپەڕی Agriculture Victoria بکە بە ناونیشانی http://agriculture.vic.gov.au/agriculture/farm-management/soil-and-water/irrigation/blue-green-algae-and-irrigation-water.

بۆ بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر دەربارەی سەرچاوەی دابینکردنی ئاوی خواردنەوەی تایبەت سەردانی ماڵپەڕی Department of Health & Human Services بکە بە ناونیشانی https://www2.health.vic.gov.au/public-health/water/private-drinking-water-supplies .

## دەتوانم ئاوی ئالودە بە قەوزەی سەوزی مەیلەو شین بەکاربێنم بۆ ئاودێری باخەکەم؟

خۆبپارێزە لە بەکارهێنانی ئاوی ئالودە بۆ ئاودێری چیمەن و زەوی باخەکەت. ئەم کارە دەتوانێت کاریگەری هەبێت لەسەر گەشەی گژوگیاکان و لەوانەیە مەترسی هەبێت بۆ منداڵان، ئاژەڵە ماڵییەکان و ئەو ئاژەڵانەی کە لەوانەیە پەیوەندین بە زەوییەوە هەبێت. ئاودێریش ڕەنگە ببێتە هۆی پڕژاندنی تۆزوبا کە شیاوی هەڵمژینە. ئەگەر هیچ جۆرە سەرچاوەیەکی ئاوی تر بوونی نییە، بە بەکارهێنانی ئامرازی گونجاو و ئاو لە ڕۆژئاوا کاتێک کە کەش وەهوا ئارامە، ڕێژەی پرژانی تۆزوبا بگەیێنە کەمترین ئاست.

## تەمەنی خونچەی قەوزە چەندەیە؟

هیچ کاتێکی دیاریکراو بۆ مانەوەی خونچەی قەوزەیی نییە. ئەگەر بارودۆخ شیاو بێت بۆ نموونە ئاو و کەشی گەرم، تیشکی خۆر، ڕێژەی پێویستی مادە خۆراکییەکان و ڕێژەی تەوژمی نزمتری ئاو، ئەوە خونچە قەوزەییەکان دەتوانن چەندین هەفتە تاکوو چەندین مانگ بژین. ئاو هەوای ساردتر، کەش و هەوای ڕەشەباوی(زریاناوی) یان تەوژمی زیادکردوو لەوانەیە ببێتە هۆی کەمبوونەوەی زیاکردنی ئەم خونچانە یان ئەوەیکە خێرای گەشەکردنیان بوەستێنێت.

ئەگەر خونچە قەوزەییەکان بەدی بێن، بە مەبەستی پشکنین و هەڵسەنگاندنی جۆر، ڕێژە و ئەندازەی قەوزەی هەنووکەیی، بە شێوەیەکی ڕێکوپێک تاقیکاری ئەنجام دەدرێت. دەرئەنجامەکانی بەدیهاتوو بەکار دەهێنرێت بۆ ئاگادارکردنەوە و گۆڕین و ڕاستکردنەوەی هۆشدارییەکان و ئاگادارییەکان.

## بۆ بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر دەربارەی کاریگەری تەندروستی بەهۆی قەوزە

پەیوەندی بکە بە بە پرۆگرامی ئاوی Department of Health and Human Service بە ژمارە ۱۳۰۰ ۷۶۱ ۸۷۴.

پەسەندکراو و بڵاوکراوە لەلایەن ویلایەتی ڤیکتۆری، 1 Treasury Place, Melbourne
© ویلایەتی ڤیکتۆریا، Department of Health and Human Services ئازار(مارس)ی ۲۰۱۶

زانیارییەکان لە ماڵپەڕی www2.health.vic.gov.au/public-health/water دا لەبەردەستە.